www.kurdistannet.org
17-5-2003 21:09

# جەنگ و سرودەکانی مردن

ئیدریس عەلی

ژیان بەو دەستە زلانەی
شەپازلەیەکی سرەواندە بناگوێم وشیار بوومەوە،
کاتێ ئاورم لەگوزەشتە دایەوە باوکمم دیت
لەسەر بەرماڵی ئێوارە ئایەتەکانی شەهید دەکرد،
ئیتر لەو رۆژەوە لەکۆڵانی بێ باوەڕییەوە
بۆ ئەو هەڵماتە خرانە ئەگەڕێم کەمناڵیمی خستە چاڵی حارسەوە. .
دەستم بەگیرفانی مێژوودا کرد پڕ بوو لەهیچ
دەرگام لەعیشق کردەوە بەردی گرتە شووشەی دڵم
پەنجەرەم لەڕووی ژیان کردەوە
کۆترێك بەر نەفرەتی راوچی کەوت،
ژنێك بە تاوانیناموس تیرۆر کرا
بازاڕێك کەوتە دەست لەشکری گرانییەوە
جگەرەیەکی بەساڵاچوو بەغەزەبی شقارتەیەك
سووتا. .
کۆشکێ بەزەبری کارگەرێك رووخا
زیندانییەك لەحەژمەتی شەقەی قامچی هاوری دەکرد:
ژیان شەرەفی باخچەیەکی سووتاوە!!
جەنگ هات
ئاڵای سپی تەسلیم بوونی پێ هەڵکردین،
بای هەرەس هەڵی کرد
ئەو رەنگە ئاڵانەی رشتە ئەستێلکی مەرگەوە
کەبۆ زەماوەندی بەیەك گەیشتنی جۆگەو دەریامان هەڵگرتبوو،
جەنگ یەك ئاوازی بێ رێتم بوو
سروودەکانی رشاندەوە سەر سفرەی ئاشتی
جەنگ تەواو بوو مەینەتییەکان تەواو نەبوون
هاوڕێ رۆمانسیەکەم لەبیابانێکدا دیتەوە
لەناو لمدا بۆ وێنەی ئاشقەکەی دەگەڕا لەوێ چی
مارشاڵو جرو جانەوەر هەبوو

www.kurdistannet.org
17-5-2003 21:09

وەك مێش لە شیرینیخەیاڵەكانمان ئاڵابوون:

هاوڕێكەم لەو بیابانەدا لەمیزەڵدانێكی بێئۆقرە دەچوو

بەدەست منداڵێكەوە

ئەگریاین... خوێن ئەباری،

هاوارمان دەكرد... فیشەك لەدەممان دەوەری

تەماشای ئاسمانمان ئەكرد

ئەستێرەی سەرشانی دەرەجەدارەكانمان ئەدیت

لەشكرێ لەترسو گومان ئێمە بووین

سوپایەك هەڵهاتوو ئێمە بووین. ئێمە منو هاوڕێكەم

فەوجێك بووین لەدۆڕان

لەوێ ژیان

منالێكی قژ بژی چەتوون بوو

لەقوڕ دەغیلەی بۆ لاقە قرتاوەكانو رۆژە

سووتاوەكانی ئێمە ئەكرد:

گەڕام بۆ ڕێگایەك بمباتەوە ناو كۆشی گەرمی دایكم

بۆ ناوچیمەنە سەوزەكانی بەهار

بۆ لای گوڵاڵە سوورەكان

بۆ ناو تێكستەكانی عیشق

بۆ قەرەباڵغی شار

بۆ نێو كۆشكەكانی ئارامی

گەڕام بۆ تیۆری بەرائەت

بۆ تێزەكانی ئاسوودەیی

بۆ ئەدرەسی ماڵێك لەگەڵا درووست كرابێ

بۆ ساختومانێك پەنجەرەكانی روو لە (با) بێ

بۆستە ئەی سازژەنی مەرگ

لەوێ سێوەكانی محبەت ئاشت ئەكەینەوە

پاركەكان پڕ ئەكەینەوە لەجریوەی كەناری

جەسوارنە دەست بۆ هەرمێ گەیوەكانی

خۆشەویستی ئەبەین

لەوێ بڕوا ئەكەین گەر (با) نەبایە كەس هەستی بەم

www.kurdistannet.org
17-5-2003 21:09

سووتانە نەدەکرد

بمبە ئەی پێنووسی رەنگ سووری هرزم

چی لەهەڵخستنی خەیاڵێکی تەڕ خۆشترە

بەسەر چڵی سەوزی سروشتا ؟

وەرن کۆرپەکانی مۆرد لەباوەشکەین

بەدەم چاخواردنەوەی عەسرانەوە

بەدەم باوێشك دانی بەیانییەکەوە

بەدەم وتنەوەی گۆرانییەکی هێمنەوە سلاّو لەمانگ

بکەین

کەحیکمەتەکانی شەوی فێر کردین

چاوەڕێ بین ترێ ڕەش بیّو

لەجەژنی لەدایك بوونی بەفرا شەراب هەڵدەین

لەسەر ئاو بنووسین سوپاس ئەی سرووشت

بۆ ئەم هەموو جوانییە

ئەو پاساریانە ماچ کەین

کەنامەی باخچەکانی فێردەوسمان بۆ دەهێنن

وەرن ئیدراك لە (سهراب) بخوازین

کاشان گوڵێکە بۆ هەمووان

ئۆتاقێ لەماڵی ( فروغ) بگرین

فروغ رووناکی باخی عیرفانە عیرفان

وەرن ئاو دابەش کەین

باکچ شانازی بەمێیەتی خۆیەوە بکات

لەژێر فێنکایی کەپرێکی هاوینا

خۆزگە هەڵخەین

ئەم دنیایە هی ئێمە بێت

برۆینە قەراغ دەریا

لەدارستان

لەبیابان

لەبان سورەچنارێکی پشت چەماوە

سۆراغی ئەو نیگایانە بپرسین

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
17-5-2003 21:09

کەکچە موراهیقەکانی شەڕ دیلیان کردن

ئیعتراف بکەین بەفر دنیا جوان ئەکا

بەفر پرچی سپی دایکمانە باخۆشمان بوێ.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت